# "بەرنامەی ئازادی"ـی ئەمریکا و هەڵەتێگەیشتنی لە پرۆکسییە گوتارییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست


## لوقمان ڕادپەی



دامەزراوەی "هاوپەیمانی ئەورووپایی بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی"

(The European Consortium for Political Research)

ئۆکتۆبری 2024

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

کاروباری جیهانی

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

ئێستا زیاد لە یەک ساڵ لە 7ی ئۆکتۆبەر و هێرشی تێرۆریستی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل تێدەپەڕێت. بزوێنەری بنەمایی هێرشبەران چی بوو؟ زۆرجار بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە حەماس تەنیا بە هۆکاری بەرژەوەندی ناوچەیی یان دوژمنایەتی ئایدیالۆژیک جووڵاوە. بەڵام ئایا بەڕاستی ئەمە وێنە گشتییەکەیە یان فاکتۆرگەلی دیکە ڕۆڵ دەگێڕن؟

لە سەردەمی سەرۆککۆماری جۆرج دەبلیوو بووشدا، دوو کۆڵەکەی سەرەکی سیاسەتی دەرەوە بریتیبوون لە شەڕی جیهانی دژ بە تێرۆر و بانگەشەکردن بۆ دێمۆکراسی. بووش لە ساڵی 2003دا دەیهەویست لە ڕێگەی پرۆژەیەک کە ناوی "بەرنامەی ئازادی" بوو، دێمۆکراسیی پەرە پێ بدات.

ئەمریکا ئەم بەرنامەیەی لەسەر ئەم باوەڕە دامەزراندبوو کە ئازادی و دێمۆکراسی دەتوانێت توندڕەوی سنووردار و کۆنترۆڵ بکات و ببێتە ڕێگەی سەقامگیریی و ئاسایش لە سەرانسەری جیهاندا. هەرچەند، ڕووداوگەلی چەن دەیەی ڕابردوو پێشانی ئەدەن کە ئەم بەرنامەیە بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاکامگەلی نەخوازراوی لێکەوتووەتەوە. بە تایبەت بووە هۆی سەرهەڵدانی پرۆکسیی گوتاریی دژە-خۆرئاوا کە لەگەڵ ئامانج و بەرژەوەندییە ئانارشیکەکانی ئێران هاوئاراستەیە.

گۆڕانی ئایدیالۆژیک و ڕێژەخوازیی پۆست-مۆدێڕن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای بەتەواوی گرتۆتەوە؛ هەر بۆیە واقعیەتە ناوچەییەکانی بە هەڵە لێک داوەتەوە. بەم هۆیە توانایی ئەمریکا لە بەرانبەر مەترسییە ڕووڵەگەشەکانی هێزگەلی ناوچەیی لاواز بووە، بۆ نموونە ئێران لە گوتاری زاڵی ئەمریکا بۆ پەرەپێدان بە کارتێکەریی خۆی کەڵک وەردەگرێ.

## بەرنامەی ئازادی: ئایدیاڵەکان و ڕەخنە

بەرنـامەی ئـازادی سیاسەتێکی بەرزەفڕی ئـایدیالۆژیک بـوو، بەڵام لەگەڵ بەرژەوەنـدیی ئـاسـایشی نەتەوەییی ئەمریکادا یەک دەهاتەوە. هەر چۆنێک بێت، ئەم ڕوانینەی ئەمریکا ڕەخنەی کردەیی و تیۆریکی بـەرامـبەر بـەخۆی هەڵگیرسـانـد. ڕەخـنەگـران بەڵگانـدنیان دەکرد کـە لە بەر گـریمانە یونیڤێرساڵەکان، بەرنامەی ئازادی به شێوەی زاتی ناتەواوە.

ئەم ڕەخـــنەگـــرانە لیبراڵ-دێمۆکراسییان وەکوو چەمکێکی "ئەمـــریکا نـــاوەنـــد" دەدیت کە لە ڕەچـــاوکـــردنی بەســـتێنە جۆراوجۆرە سیاسی و کەلـــتوورییەکان شکستی خـــواردووە. هەروەهـــا بەڵگانـدیان کە ئەو پرۆژەیە ئـاڵۆزییەکانی حـوکمڕانیی لۆکاڵی لە نـاوچەکە لە بەرچـاو نەگـرتـووە. ئەمەش کارایی بەرنامەکەی لە بەدەستهێنانی سەقامگیری درێژمەودادا لاواز کرد.

ئـازادی لە ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـت "بـە ئەمـریکایی" کراوە؛ واتە پـارێزگـاری لە بەرژەوەنـدییەکانی ئەمـریکا، بە تـونـدی ئـایدیالۆژیک بـووتەوە و خـاوەن ڕوانینێکی عەقڵانی نییە. تەنـانەت لێکۆڵەران بەرنامەی ئازادییان وەکوو ئایدیاڵیزمێکی چەقبەستووی لیبراڵ پێناسە دەکرد.

دارێژەرانی سیاسـەت لـە ئەمـریکا دەیانـهەویست ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـت وەکوو بـوونەوەرێکی نەگۆڕ و یەکپارچە کە خـــاوەن پێکهاتـــە نییە، ببینن. ئەوان هەوڵیان داوە لە ڕێگەی دێمۆکراتیزەکردن لە سەرەوەو بۆ خـوار بیگۆڕن. سەرەڕای ئەمـانە، ئـامـاژەی سەرەکی ڕەخـنەکان بۆ ئـەوەیە کە ڕوانینی وشکی داڕێژەرانی سیاسـەت، چـاوپۆشی کـردووە لە ڕۆڵی گـرنگی کۆمەڵگای مەدەنی یان واقعیەتە سیاسییە لۆکاڵەکان بۆ وروژاندنی ناسەقامگیری.

## پەیوەستکردنەوەی ڕەخنەکە لەگەڵ مەترسییە هەنووکەییەکان

هەوڵی ڕێونی ئەمریکا بۆ جیهانیکردنەوەی دێمۆکراسی، بۆشاییی دەسەڵاتی بە تایبەت لە عێراق، سووریا و لوبنان درووست کرد. بە تایبەت ئێران ئەم بۆشاییانەی بە باشی، بۆ دەستڕۆشتوویی زیاتری خۆی بەکار هێناوە؛ بەڵام نەک تەنیا بە شێوەی دەستێوەردانی سەربازیی نەریتی بەڵکوو لە ڕێگەی بەکارهێنانی پرۆکسییە گوتاری و ئایدیالۆژیکەکان، بۆ دووبارە دارشتنەوە و گۆڕینی سیاسیی دیمەنی ناوچەکە.

ئەم داینامیکە بە تایبەت لە ڕێگەی ئیدعای بووش سەبارەت بە گەورەترین مەترسی بۆ ئازادی کە بریتییە لە بە یەکگەیشتنەوەی ڕادیکاڵیزم و تێکنۆلۆژیا، هەستی پێ دەکرێت. توانایی ئێران بۆ پڕچەککردنی ئایدیالۆژی، بە شێوەیەکی ترسناک ئیدعاکانی بووش دەخاتە ڕوو و هاوکاتیش ئاکامە نەخوازراوەکانی بەرنامەی ئازادی ئەمریکا ئاشکرا دەکات. ستراتژی ئەمریکا بۆ دێمۆکراتیزەکردن، لە هەمان کاتدا کە ئایدیاڵیستی بوو، بەرچاوڕوونیی ستراتژیکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژەخوازیی پۆست-مۆدێرن لە خۆ نەگرتبوو. ڕێژە خوازییەک وا ئێستا گێڕانەوەی دژە-خۆرئاوایی لە ناوچەکەدا بڵاو دەکاتەوە.

## سەرهەڵدانی پرۆکسییە گوتارییەکان

ڕووداوەکانی 7ی ئۆکتۆبری 2023، ئاماژەیان بە هەڵچوونی بەرچاوی هەستی دژە-خۆرئاوا ودژە-زایۆنیست دا. ئەو ڕووداوانە شکستی قووڵ و ڕیشەییی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشکرا کرد. دەستڕۆشتوویی ئێران لە ناوچەکە لە ڕێگەی یەکخستنی

ئیسلامی سیاسی دژە-کۆلۆنیاڵ لەگەڵ گوتاری دژە-خۆرئاوا زیاتر بووە و ئەمەش گێڕانەوەیەکی ساز کردووە کە لە نێوان خەڵکانی پەراوێزخراودا دەنگ دەداتەوە.

دەکرێ هێزی گوتاری ئێران بە ڕەخنەی پۆست-مۆدێرن لە عەقڵانیەتی ڕۆشنگەری ببەسترێتەوە. پۆست-مۆدێرنیزم گێڕانەوە گشتی و گەورەکان ڕەد دەکاتەوە و لەسەر ڕێژەخوازیی پێداگری دەکات. ئاوا دیمەنێک، بناغەیەکی بەپیت بۆ ئێران و ئەکتەرە ناوچەییەکانی دیکە بەرهەم دەهێنێت تاکوو بەربەست بۆ هەژموونی خۆرئاوا درووست بکەن. بە لەچێوەگرتنی کردەوەکان لە ژێر ناوی بەرخۆدان دژ بە ئیمپێریالیزم و زایۆنزم، ئێرانییەکان توانیویانە لە نێو جیهانێک کە لیبرالیزمی خۆرئاوایی بە تایبەت بە شێوەی زاتی وەکوو فۆڕمێک لە نیو-کۆلۆنیالیزم دەبینرێت، ڕەوایی وەربگرن.

ئێران لەسەر بنەمای ئەم ڕەوایییە هەوڵ دەدات هێڵی ستراتژی ناسیۆنالیستی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی کاڵ بکاتەوە. ئامانجی ئێران ڕێگریکردن لە دەوڵەتانی دراوسێی خۆیەتی بۆ نەگەیشتن بە هەر جۆرە ڕێککەوتنێک کە پێشووتر پەیمانی ئیبراهیم کۆیانی کردبوویەوە. یەکگرتوویی ئیسلام و گوتاری شۆڕشگێڕانە لەسەر بنچینەی سیاسەتی دەرەوەی نادەوڵەتی یان ئیمپراتۆریایی -بۆ نموونە نیوسەفەویزم و نیوعوسمانیزم- گەرەنتی دەکات کە ڕژیمی تاران لەسەر دەسەڵات دەمێنێتەوە و هەروەها قەڵغانێکی بەرگریشی بۆ ساز دەکات.

## بەستێنی پۆست-مۆدێرن: ڕێژەخوازیی و فرەکەلتووریی

لەم بەستێنە پۆست-مۆدێرنەی ڕێژەخوازیی و فرەکەلتووریدا، دەرکەوتنی دیاردەی ئیسلامۆ-لێفتیزم [چەپی ئیسلامی]، بایەخی جیهانی لیبراڵ-دیمۆکراسی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەم

ئایدیالۆژیایە بنەڕەتێک بۆ بزووتنەوەگەلی دژە-خۆرئاوا دابین دەکات و دژی کارتێکەری ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوەستێتەوە؛ هەروەها پێشوازی لە سیاسەتی دەرەوەی "پۆست-بووش" و تەنانەت جیهانی پۆست-ئەمریکاش دەکات. لە نێو ئەم بزووتنەووەگەلەدا، پۆست-مۆدێرنیزم (یان پۆست-کۆلۆنیالیزم) دەبێتە مۆدێلی سیاسەتی دەرەوە، شوێنێک کە تێیدا پۆست-کۆلۆنیالیزم -یان ڕێژەخوازیی توندڕەو- جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەمووی کێشە جیهانییەکان بە تەنیا تاوانی ئێمپێریالیزمی ئەورووپاییە.

ڕژێمی ئێران، دەوڵەتە ئیسلامییەکان و ئیخوان موسلمین، هەموویان سەرمایەگوزارییان لەسەر ئەم گۆڕانە فکری و ڕووناکبیرانەیە کردووە و خۆیان وەکوو پاڵپشتی فرەییی کەلتووری و خۆبەڕێوەبەریی سیاسی ناساندووە. ئێران لە ڕێگەی یارمەتیدانی گرووپگەلێکی وەکوو حزبوڵڵا و حەماس، پێگەی خۆی وەکوو ڕێبەری ئایدیای دژە-خۆرئاوایی، دژە-زایۆنیستی جێ خستووە و ئەمەش ناوچەکەی زیاتر لە ڕابردوو ناسەقامگیرتر کردووە.

## بەرنامەیەکی شکستخواردوو و واقعیەتێکی نوێ

ئەم ناجێگیرییە بە هۆکاری لەبەرچاونەگرتنی ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەن "بەرنامەی ئازادی"، خراپتریش بووە. ئێستا ناوچەکە لە بەرانبەر سەرهەڵدانی پرۆکسییە گوتارییەکان، بە تایبەت سیاسەتە ناوچەییەکانی ئێراندا لاواز بووە. ئەم پرۆکسییانە کە لە ڕێگەی ڕێژەخوازیی پۆست-مۆدێرنەوە بەهێز کراون، فۆڕمێکی نوێ لە مەترسییان درووست کردووە، مەترسییەک کە تەنیا بە کردەی سەربازی و چەکدارانە بچووک نابێتەوە بەڵکوو بە شێوەیەکی قووڵ ئایدیالۆژیکە.

سڕینەوەی حەسەن نەسـروڵڵا، سکرتێری گشـتی حـزبـوڵڵا، وەبەرچـاوهێنەری واقعیەتێکی نـوێ و مەتـــرسییەکی تـــازەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی نـــاوەڕاســـت. سەرەڕای ئەمەش، هێشتا پێویستمان بە پێداچـوونەوەیەکی بـنەڕەتی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمـریکا هەیە، تـا سـروشـتی گـوتـاری و ئایدیالۆژیکی وەها مەترسیگەلێکی نوێ قبوڵ بکات. بە بێ ئاوا پێداچوونەوەیەک، ناوچەکە وەکوو گۆڕەپـــانی شەڕی گێڕانەوە لێکـــدژەکـــان دەمێـــنێـــتەوە و ئێـــران و ئەکـــتەرەکـــانی دیکەش لە شێوەبـەخشینەوەی داهـاتـووی نـاوچەکە بەردەوام دەبـن. گەر ئەمـریکا هیوای بە گەڕانەوەی سەقـــامگیری بۆ ڕۆژهەڵاتی نـــاوەڕاســـت هەیە، نەک هـــەر تەنیا دەبێت لە بەرانـــبەر واقعیەتە سەربازییەکانی ئەم ناکۆکییە بوەستێت بەڵکوو دەبێت بەرپەرچی ڕەهەندە ئایدیالۆژیکەکانیشی بداتەوە.

---

سەرچاوە:

https://theloop.ecpr.eu/americas-freedom-agenda-and-its-misconception-of-irans-proxies-in-the-middle-east/

* د. لوقمان ڕادپەی لێکۆڵەرێک لە سکاتلەندە. کارناسی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەندامی هاوکاری "کۆڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" (Middle East Forum) و نـووسەری کتێبی "بەرەو کوردسـتانێکی سەربەخۆ: مـافی چـارەیخۆنـوسین لە یاسـای نێونەتەوەییدا". ڕادپەی لە درێژەی یەک دەیەی ڕابـردوودا بەشێوەیەکی بەرین لەسەر دۆخی یاسـایی پـرسی کوردسـتان و ڕەهەنـدە یاسـاییە نێونەتەوەییەکانی مـافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک و نەتەوەکان نووسیویەتی.